

# لقی 24 سەردانی مەزاری نەمران دەکات

بە بەشداری بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 24 سەفین و کارگێڕ و ئەندامانی لق و بەرپرس و ستافی لیژنە ناوچەکانی هەریر، شەقڵاوە، باسرمە، سەفین، هیران،کۆڕێ، تەق تەق، دێگەلە، کۆیە، باواجی، کادیران و ڕێکخراوەکانی سنوری لی 24ی سەفین بەهاوبەشی قایمقام و دامودەزگا حکومی و ڕۆشنبیری و مەدەنیەکانی شەقڵاوە، لەیادی 109 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر، سەردانی مەزاری نەمرانیان کرد بۆ دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی وەفاداری بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر و پابەندبوون بە بەڵێنی بەردەوامی لەسەر ڕێگای خەبات، و دڵسۆزی بۆ ڕێبازەکەیان، لەمەراسیمی کەوا بەرپرسی لق سۆز و وەفاداری خۆی و سنویر لق بۆ بارزانی نەمر دووپاتکردەوە.

## بەریتانیا.. نوێنەرایەتی دەرەوەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان یادی کارەساتی بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجە دەکەنەوە



بەبۆنەی 24 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر کارەساتی بۆمبارانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهید نوێنەرایەتی دەرەوەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوە حزبی و جەماوەرییەکانی وڵاتی بەریتانیا، لەناوەڕاستی شاری مانچستەر لەبەردەم داری هەڵەبجە یادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کردەوە، پەیامی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەلایەن فەلاح حەسەن راوێژکاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانی و نوێنەری دەرەوەی یەکێتی لاوان پێشکەش کرا، پاشان چەندین هۆنراوە و وتار خوێنرایەوە، هەروەها کۆتایی مەراسیمەکەش بە سروودی ئەی ڕەقیب هات، شایەنی باسە داری هەڵەبجە کەوتوتە ناوەڕاستی شاری مانچستەر لە باخچەی بیکادیلی لەسەر داوای ڕەوەندی کوردی ئەو شارە چێندراوە.

## پرسەو سەرەخۆشی

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**بۆ هەڤاڵ نزار مەلا غەفار ئەندامی لیژنە ناوچەی هەریر**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوەهەواڵی کۆچی دوایی مەلا غەفار ی باوکتمان پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی لقی 24ی سەفین پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین داواکارین لەخودای گەورە کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبوری و ئارامیش بەهەموو لایەکتان ببەخشێت و ئەمە دواهەمین ناخۆشیتان بێت.

**لقی 24ی سەفین**

***

**برایان /هونەرمەند قادر ئەسعەد و**
**هاوکارمان کاک هەندرێن شێرزاد**

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی هونەرمەند قادر ئەسعەدمان پێگەیشت، کە دەکاتە خەسوی هاوکارمان هەندرێن شێرزاد، بەناوی سەرنووسەر و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و سەبوری و ئارامی بەخانەوادە و کەسوکاری ببەخشێ.

خەبات

* * *

**هاوکارمان کاک شوان خولقی**

**سڵاوی خوای گەورەتان لێبێت..** بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی، خوالێخۆشبێ خوشکی گەورەتانمان پێگەیشت، بەو بۆنە خەمناکەوە بەناوی سەرنووسەر و ستافی خەبات سەرەخۆشی لە ئێوە و تەواوی خزمان و دۆستانتان دەکەین، خوای گەورە سەبوریتان بدا و خوالێخۆشبووش بخاتە بەر ڕەحمەتی گەورەی خۆی.

**انا للە وانا الیە راجعون**

خەبات

## سوپاس و پێزانین

بەناوی خۆمان و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەکەمان پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانین خۆمان ئاڕاستەی هەریەکە لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و پیاوماقوڵ و کەسایەتی ناوچەکانی کوردستان و یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان و سەرجەم ئەو کەسولایەنانەی لە پرسە و بەخاک سپاردنی خوالێخۆشبوو خەدیجە حاجی عمر کوێخا قادر سەربەشاخی بەشداریان کرد. بە بەشداریان لە خەمیان کەم کردینەوە. خوا پاداشتی خێری هەموو لایەک بداتەوە.

**لەجیاتی بنەماڵە**

**ئازاد حاجی کوێخا قادر – مونعیم عەزیز ئاغا**

# زیاتر لە 300 سەر مەڕو بزن لەناوچوون
# شەپۆلێکی بەفر هەرێمی کوردستانی گرتەوە



**خەبات ـ ڕەنجبە بەرزنجی-ن.سۆران: بۆ محەمەد ئەحمەد/ ڕانیە/تەیب عەبدوڵلا/ ن. بارزان:**

بۆ جاری دووەم لەم مانگەدا شەپۆلێکی شاری ڕانیەو دەڤەری ڕاپەڕین و ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی بەگشتی گرتەوە، جاری یەکەم لەڕۆژی 3/ 4و ئەمجارەش لەڕۆژی 3/17دا لەگەڵ بارینی بارانێکی زۆر، هاوکات بەفریش بارییەوە هەر بەهۆی باران بارینی زۆرەوە شەوی 16-2012/3/17 لەگوند خوارانی دەڤەری پشدەر گەوری ئاژەڵی دوو هاووڵاتی ڕووخاو بەو هۆیەوە زیاتر لە 300 سەر مەڕو بزن لەناوچوون. جێی باسە چەندین جاری تریش ڕووداوی لەمشێوەیە ڕووبەڕووی گوندنشینانی ئەو ناوچەیە بووەتەوەو زیانی گشانی و ماددی زۆری لێکەوتووەتەوە، ئەمەش بەهۆی سەختی و کوێستانی ناوچەکەوەیە. بەپێی ڕای شارەزایانی بواری کەشناسی، ئەم شەپۆلە بەفربارینە لەمساڵدا و لەم وەرزەدا ڕووداوێکی کەم وێنەیە لەناوچەکەو هەرێمی کوردستان بەگشتی، لەکاتێکدا دوو مانگ تێپەڕیوە بەسەر مانگی بەفرانباردا. لەلایەکی دیکەوە، بەفربارین سنوری دەڤەری سۆران و دەوروبەری داپۆشی کە بە هۆیەوە ئاستەنگ لەبەردەم هاتوچۆی چەند ناوچەیەکی جیاوازی ئەو دەڤەرە دروست بوو. لەلایەکی دیکەوەش، شەوی ڕابردوو جارێکی دیکە شەپۆلێکی بەفر ناوەندی قەزای مێرگەسۆرو ناحیەکانی مەزنێ و پیران و شێروان و بارزانی گرتەوە، لەناو ناوەندی قەزای مێرگەسۆر 30سم بەفرو 56ملم باران باریوەو لەناوچە چیاییەکانی سنووریش بەفر زیاتر باریوە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەو بەپێی ڕاگەیاندنی کەشناسی مێرگەسۆر، ڕادەی باران بارین ئەمساڵ گەیشتە 875.1 ملم و بەفر بارینیش گەیشتە 278سم. ڕێگاو کۆڵانەکانی ناوەندی قەزای مێرگەسۆرو ڕێگا سەرەکیەکان لەلایەن تیمی ڕامالینی بەفر پاک کراونەتەوە.

## کۆڕێک لە یادی بارزانیی نەمردا

**خەبات/فەخرەدین:** لەیادی 109 ساڵەی لە دایکبوونی باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد بارزانی نەمر لەهۆڵی سەنتەری ئالا کۆڕێک بۆ نووسەر و ڕوناکبیری کورد مامۆستا مومتاز حەیدەری ڕێکخرا. لەم کۆڕەدا کە لیژنەی ناوچەی ئازادی لقی 2 پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخستبوو کۆڕگێڕ باسی لەخەبات و ژیانی بارزانیی نەمر کرد.

## سۆران... یادی کارەساتی هەڵەبجە کرایەوە

وەک نەرێتێکی ساڵانە لەیادی 3/16 ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە، لە سەنتەری قەزای سۆران بە ئامادەبوونی قایمقام و نوێنەری دەزگا حزبی و حکومیەکان و جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە، مەراسیمێک هاتە سازکردن کە لە لایەن گروپی هیوای لاوان شانۆگەرییەک پێشکەش کرا کە گوزارشتی لە ئازار و مەینەتیەکانی ئەو کارەساتە دەکرد.

## لە یادی ڕاپەڕینی سۆران مزگەوتێک کرایەوە

**خەبات/ڕەنجبەر بەرزنجی- ن.سۆران:** بەبۆنەی یادی ڕاپەڕینی دەڤەری سۆران، لەڕێورەسمێکدا بەئامادەبوونی مەلا عەبدوڵلا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان و قایمقامی قەزای سۆران و قایمقامی قەزای چۆمان و بەرپرسی لقی 10 و جێگری بەرپرسی مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە ئیداری و سیاسی و لەشکری و بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان و بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران و جەماوەرێکی زۆر، مزگەوتێک لە گوندی گوانی سنوری ناحیەی دیانا کرایەوە، کە لەسەر ڕووبەری 1000م دووجا بەشێوازێکی ئەندازەیی هاوچەرخ دروست کراوە، لەمەراسیمی کردنەوەی ئەو مزگەوتەدا دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لەقورئانی پیرۆز، لە چەند وتەیەکی جیادا باس لە پێگەی مزگەوت کرا لەبواری ئایینی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری هەروەک باس لە یادی ڕاپەڕینی خەڵکی دەڤەری سۆران و دەوروبەری کرایەوە.

# 195 پارچە زەوی بەسەر کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دەڤەری سۆران دابەش دەکرێت

**خەبات/ڕەنجبەر بەرزنجی- ن.سۆران:** لەدرێژەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر خزمەتکردن و گرنگیدان بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەمەراسیمێکدا لەهۆڵی کۆنفرانساتی سۆران و بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەکەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان و شاندێکی وەزارەتی شەهیدان و قایمقامی قەزای سۆران و ژمارەیەک لە نوێنەری لانە سیاسیەکان، 195 پارچە زەوی بە شێوەی تیروپشک بەسەر کەسوکاری شەهیدان دابەشکرا، شایانی گوتنە ئەو 195 پارچە زەوییە تایبەت بوو بەو خێزانە شەهیدانەی کە تاکو ئێستا لە هیچ جۆرە قەرەبوویەکی وەک خانوو و زەوی سودمەند نەبیوون.



### لە وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا

# دۆستایەتی نێوان کوردستان و ئیتاڵیا دووپاتکرایەوە



**خەبات/ دلێر ئیبراهیم/ ڕۆما:** لەدرێژەی سەردانی شاندی هاوبەشی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتی ئیتاڵیا، شاندەکە بەفەرمی لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە پێشوازی لێکرا. لەکۆبوونەوەکەدا کە لەلایەنی ئیتاڵی هەریەکە لەئیرنیستۆ ماسیمینۆ بیلیللی ڕێکخەری کاروباری ئێراق لەوەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیاو جیۆڤانی لویجی گراندی ڕاوێژکار لەوەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیاو چەند بەرپرسێکی باڵای ئیتاڵی ئامادەبوون و لەلایەنی هەرێمی کوردستانیش عەبدولستار عیسمەت ڕێکخەری ئەنجومەنی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان (IKNN)و بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئەنجومەن و ئیبراهیم ئیسماعیل لەڕێکخراوی مەسەلەو شاد محەمەد لەڕێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان و محەمەد موشیر نوێنەری وەزارەتی ڕۆشنبیری ئامادەی بوون، دۆستایەتی نێوان هەرێمی کوردستان و ئیتاڵیا دووپاتکرایەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ گەشەپێدانی بوارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهەرێمی کوردستان. هەر لە دیدارەکەدا عەبدولستار عیسمەت سەرۆکی شاندی هەرێمی کوردستان سوپاسی هاوکاری و هەماهەنگی حکوومەت و گەلی ئیتاڵیای کرد لەپاڵپشتیکردنی بوارە جیاجیاکانی بزاڤی شارستانی و داوای هاوکاری زیاتری ئەو وڵاتەی کرد لەبوارەکانی ڕاهێنان و مەشق و گەشەپێدانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لەهەرێمی کوردستان. لەلایەن خۆیەوە ئیرنیستۆ ماسیمینۆ بیلیللی ستایشی گەشەسەندنی بزاڤی شارستانی لەهەرێمی کوردستان و تەواوی ئێراقدا کردو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە تا ئێستا ئیتاڵیا بڕی 3 ملیار یۆریۆی لەپرۆژە جیاجیاکان لەبوارەکانی تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە لەئێراقدا سەرفکردووە. لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا بڕیاردرا لەڕێگەی لیژنەیەکی هاوبەشەوە پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە مەدەنییەکان و وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا پتەوتر بکرێت، بۆ ئەوەی حکوومەتی ئیتاڵیا بتوانێ بەباشترین شێوە پشتگیری و هاوکاری ئەو ڕێکخراوانە بکات.

# بالیوزا وەلاتێ ئوستralیا ل بەغدا سەرەدانا پارێزگەها دهوکێ دکەت

**خەبات/ مسلح/ ن. دهوک:** ل کوچکا مێهڤانداریا تەمەر ڕەمەزان پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا خانم لیندا بالیوزا وەلاتێ ئوستralیا ل بەغداو شاندێ دگەلدا کر د هەڤدیتنەکێدا بەحسێ ڕەوشا دەڤەرێ ژروییێ تەناهی و ئارامییێ و بزاڤا بازرگانی و ئابووری و ئاڤەدانکرن و چاندن و گەشتوگوزارێ و کەرتێ تایبەت و رولێ کومپانیێن بیانی یێن کو ل دەڤەرێ وەبەرهێنانێ دکەن بگشتی هاتە کرن. پارێزگەرێ دهوکێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانێ دیار کر و خواست کو وەلاتێ پەیوەندیێن خو دبوارێن ئابوری و بازرگانی و پیشەسازی و چاندنێ دگەل هەرێما کوردستانێ ب گشت و پارێزگەها دهوکێ ب تایبەتی ئاڤاکەت و هاندانا سەرمایەدارو کومپانییێن ئوسترالی بهێتە کرن کو کاروپروژێن وەبەرهێنانێ لدەڤەرێ ئەنجام دەن و تەکەز کر کو یاسا وەبەرهێنانێ ل کوردستانێ یا ڤەکریە و گەلەک ئاسانکاریا بو هەموو کومپانیا پێشکێش دکەت. ژلایێ خوڤە بالیوزا ئوسترالیا خوشحالیا ب سەرەدانا پارێزگەها دهوکێ دیار کر و دا خویا کرن کو دێ پەیوەندیان دگەل کوردستانێ خوشتر لێ کەن و هاندانا کومپانییێن ئوسترالی کەن بو وێ یەکێ کاری ل هەرێمێ بکەن.

## بەدەستهێنانی دکتۆرایەک لە هۆڵەندا

لەزانکۆی لیدن لەهۆڵەندا، ناوی دکتۆرای قوتابی کورد هاوار خەلیل نێروەیی بەناونیشانی (کۆماری کوردستان لە 1946و تیۆری پەیوەندی نێودەوڵەتی. سەرپەرشتیارانی نامەکە هەریەک لەپرۆفیسۆر د. تۆراج ئەتاباکی و پرۆفیسۆر د. حەمید بوز ارسلان بوون.

**تۆ کە ئێستا لە سایەی ئازادیی کوردستاندا کار دەکەی هەقە خوێنی شەهیدان و ڕەنجی ڕەنجکێشانت لە بیر بێت**



## سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی دووپات لەسەر پەیوەندیی پتەویی نێوان کورد و شیعە دەکەنەوە

# سەرۆکی کوردستان: سەردانی برای بەڕێزمان سەید عەممار هەڵوێستە بەرزە مرۆییەکانی باپیری بەڕێزیان ئیمام موحسین حەکیممان دێنێتەوە یاد کاتێک لەساڵی 1963شەڕی لەدژی کوردی حەرام کرد

# عەممار حەکیم: ئێمە مێژوویەکی درێژی خەباتی هاوبەشمان بڕی کە تیایدا خوێنی هەموومان تێکەڵی یەکتر بوو



**خەبات: محەمەد زەنگەنە**

دوای تەواوبوونی ئەو کۆبوونەوەیەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان وسەید عەممار حەکیمی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی ئێراقیی کۆکردەوە هەردوو بەڕێزان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاکامی کۆبوونەوەکەیان خستەڕوو و دووپاتیان لەسەر پەیوەندیی پتەویی نێوان کورد وشیعە کردەوە.

### گەشبینی بە ئایندە

عەممار حەکیم لەوەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی بەراوردی ئێستا و ساڵانی حەفتاکان نەیشاردەوە واقیعی ئێراقی ئەمڕۆ واقیعێکی ئاسان نییە و گولڕێژ نەکراوە بەڵام گەشبینیی خۆیشی بەئایندەی ئەو وڵاتە نیشاندا بەچارەسەرکردنی گرفتەکان و ئەوەی ڕەتکردەوە واقیعی ئێستای ئێراق لەواقیعی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بچێت کاتێک حکوومەتی ئێراق لەجێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار پاشگەزبۆوە و گوتی: واقیعی ئێمە کولڕێژ نەکراوە و ئاسان نییە بەڵام من گەشبینم بەئایندە، ڕاستە گرفتی زۆر هەن ، ماددەی گرنگی دەستووری هەن کە پێویستە بەیاسا ڕێکبخرێن، تەمومژاوی یاخود فرە خوێندنەوە و ئیجتیهاد لەبارەی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵ وهەرێم وپارێزگاکان هەیە کە پێویستە بەشێوەیەکی جیددی هەموومان بەیەک دەنگ چارەسەریان بکەین بەدیدێکی نیشتیمانیی یەکگرتوو لەسەر بنەمای دەستوور بەپشت بەستن بەدەستوور وسەوابیتە نیشتیمانییەکان بەڵام بارودۆخی ئێستا لەگەڵ بارودۆخی ساڵانی حەفتاکان بەراورد ناکرێت چونکە ئەمڕۆ هێزی نیشتیمانی لەگۆڕەپانی سیاسیی ئێراقیدا هەن کە کاریگەرییان زۆرە ، سیستەمێکی دیموکراتی هەیە و سندووقی دەنگدان بڕیاردەری سیستەمی سیاسییە و دەستووریشمان هەیە کە ئەرکێکی زۆرمان بۆ سەرخستنی کێشا وگەلیش دەنگی بۆ دا و ئێستاش ئێمە لەبەردەم چەندین گەرەنتی داین بۆ هێنانەدیی پرۆژەی نیشتیمانی و چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکان.

### جیاوازی لەنێوان ئێستاو ساڵانی حەفتاکان

**لەلای خۆشییەوە سەرۆکی کوردستان ئەو بەراوردەی ڕەتکردەوە و نیشانیدا ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیشدا و نەیشاردەوە جیاوازی لەنێوان هەرێمی کوردستان وبەغدا لەسەر چەند پرسێک هەیە بەڵام دووپاتیشکردەوە دەستوور حەکەمی چارەسەرکردنی کێشەکانە و هیچ تەنازولێکیش نییە لەبارەی ئەو ئەرک و مافانەی دەستوور لەبارەی هەرێمەوە ئیقراری کردووەو گوتی:** جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئێستا و بارودۆخی بەر لە 40ساڵ هەیە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا جیاوازییەکان زۆرن ،دەستوور بنەمایەکی باشە، بەڵێ لەوانەیە جیاوازی لە ڕوونکردنەوەی خاڵەکانی هەبێت یانیش ویستێک هەبێت بۆ جێبەجێنەکردنی ئەم دەستوورە بەڵام هەر بە بنەمایەکی پتەوی دادەنێین چونکە زیاتر لە 80%ی گەلی ئێراق دەنگی بۆ دا بۆیە مومکین نییە دەستبەرداری ئەو دەستوورە بین وهیچ بەدیلێکی بۆ قبووڵ ناکەین، لەو دەستوورەشدا هاتووە (ئەو دەستوورە زامنی پاراستنی یەکبوونی ئێراقە) بۆیە ئێمە دووپات لەسەر پابەندبوون بەدەستوور دەکەینەوە و بەمەرجەعی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی دادەنێین.

### تاوانەکانی دەرهەق بەکورد لەناوچە دابڕێنراوەکان

ماوەیەکی زۆرە تاوانی تیرۆریستان دەرهەق بە کورد لەناوچە دابڕێنراوەکان بەتایبەتی لە جەلەولا و سەعدییە بەردەوامە و ڕۆژانە کوردێکی زۆر دەکوژرێن و بەدەیەها خانەوادەش ناچار دەکرێن زێدی باو و باپیرانیان جێبهێڵن بەشێوەیەک کە هەڕەشەیەکی زۆر لە مانەوەی ئێراق دەکات بەیەکگرتوویی، لەمبارەیەوە عەممار حەکیم لەوەڵامی پرسیارێکی «خەبات» گوتی: پێویستە بە ڕێوشوێنی یاسایی سنوورێک بەرامبەر بە هەر ڕەفتارێک دابنرێ کە لێرە یان لەوێ لەدژی هەرکەسێک بکرێت ،پێویستە پابەندی یاسا بین و بگەڕێینەوە سەر بنەما ڕاستەکان بۆیە پێمانوایە پابەندبوون بەدەستوور دەروازەی سەرەکیی دەرچوونە لەو کێشانە.

### گرێبەستە نەوتییەکان یاسایی و دەستوورین

ئەگەرچی دەستوور بە شێوەیەکی ئاشکرا مافی هەر هەرێمێکی لە ڕەفتارکردنی بە سامانی سروشتیی خۆی نیشانداوە بەڵام هێرشکردنە سەر کوردستان بەبیانووی نایاساییبوونی گرێبەستە نەوتییەکانەوە جگە لەدژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان وهەوڵدان بۆ لاوازکردنی هیچ واتایەکی دیکەی نییە، سەرۆکی کوردستان لەوەڵامی پرسیارێکی خەبات لەبارەی لێدوانەکانی وەزارەتی نەوتی ئێراقی بەرامبەر یاسایی ودەستووریی گرێبەستە نەوتییەکانەوە گوتی: دەمەوێ دووپات لەسەر پرسێکی گرنگ بکەمەوە ئەویش ئەوەیە لێدوانی هەر بەرپرسێک لێرە یان لەوێ مومکین نییە کاریگەری بخاتە سەر پەیوەندیی مێژووی نێوان کورد و شیعە، ئێمە هاوپەیمان وهاوبەشین و هاوپەیمانییمان لەئەنجامی زوڵمی هاوبەش و مێژووی پڕ لەشانازیمانی کرد لەخەباتکردن لەدژی دیکتاتۆرییەت بەڵام بەداخەوە هەوڵی زۆر لەلایەن کەسانێکەوە هەن بۆ تێکدانی ئەو پەیوەندییە و بێگومان شکست دێنن، لەبارەی گرێبەستە نەوتییەکانیش دووپاتیدەکەمەوە هیچ گرێبەستێک نییە لەدژی دەستوور بێت و پرسەکەش دەستووری بوون ونەبوونی ئەو گرێبەستانە نییە بەڵکو نییەتی خراپ هەن لەدژی پێشکەوتنی کوردستان ئەمەش بە دیدی من مەترسی و کاریگەرییەکەی لەئەنفال کەمتر نییە.

### ستایشی ڕۆڵی خانەوادەی حەکیم

سەرۆک بارزانی ستایشی ڕۆڵی خانەوادەی حەکیمی کرد لەبەرامبەر بەرگریکردن لەکورد و هەبوونی هەڵوێستی مرۆیی بەرامبەر بەم گەلە و گوتی: پەیوەندیمان لەگەڵ خانەوادەی حەکیم بەهێز و پتەوە و بەهیچ شتێک تێکناچێت، بناغەی ئەم پەیوەندییە لەسەردەمی ئیمام حەکیم وبارزانیی گەورە دەگەڕێتەوە، دواتر بەردەوام بوو لەگەڵ شەهید سەید محەمەد باقر ئەلحەکیم و دواتر خوالێخۆشبوو سەید عەبدولعەزیز حەکیم و ئەمڕۆش سەید عەممار حەکیم وەک دەگوترێ (خير خلف لخير سلف)، هیوای زۆرمان بەسەید عەممار حەکیم هەیە بۆ بەردەوامبوونی ئەو پەیوەندییە وپەنا بەخوا لەوەش زیاتر بەرەوپێشی ببات. ئێمە متمانەمان بەهەر دەستپێشخەرییەک هەیە کە سەید عەممار حەکیم پێشکەشی بکات.

### پرۆژەی بەسرا وەکو پایتەختی ئابووریی ئێراق

سەید عەممار هیوای خواست هەمیشە لەجێی متمانەی گەلی کورد و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بێت و دووپاتیشکردەوە ئەوان هەمیشە پرۆژەی نیشتیمانییان هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو ڕێڕەوە هەڵانەی بەهەر هۆیەک کاریگەرییان خستبێتە سەر پرۆسەی سیاسیی ئێراقەوە هەروەها ئاماژەی بەوەشدا ئەوان ئەمڕۆ دەستپێشخەریی بوونی بەسرا بەپایتەختی ئابووریی ئێراقییان گەڵاڵە کردووە و لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستاندا باسیان لێوە کردووە و گوتی: هیوادارین سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەشێوەیەکی ئیجابی ڕای خۆیان لەسەر بدەن تا ئێمەش مافی ڕاستەقینەی بەسرا بدەین چونکە ئەوشارە زیاتر لە % 70ی داهاتی بودجی ئێراق پێکدێنێت و تاکە ڕێگەی ئاوییە بۆ ئێراق.

### مەسەلەی هاشمی

**سەرۆکی کوردستان بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا دووپاتیکردەوە پرسی هاشمی پرسێک نییە تایبەت بێت بەخۆی یان بەهەرێمی کوردستان بەڵکو گرفتی هەموو ئێراقە و گوتی:** من ئەمڕۆ جارێکی دیکە پێشنیاری خۆم نوێ دەکەمەوە بەوەی هەرسێ سەرۆکایەتیی ئێراق لەمبارەیەوە کۆببنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە چونکە بەردەوامبوونی بەمشێوەیە یان چارەسەرکردنی بەڕێگایەکی ناتەوافوقی لەنێوان هەرسێ سەرۆکایەتیدا لەوانەیە بگاتە ئەنجامێکی زەرەرمەند بەئێراق و جارێکی دیکە دووپاتیدەکەمەوە پێویستە هەر سێ سەرۆکایەتی ئەو گرفتە چارەسەر بکەن. من دڵنیام ئێستا تاریق هاشمی بچێتەوە بەغدا ناتوانن هیچی لێبکەن، هیچیشی لێنەکەن لەلای دیکەوە دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆ خۆیان بۆیە بەهەموو شێوەیەکەوە حەزدەکەن وانیشانبدەن گرفتەکە تەنها هی هەرێمی کوردستانە، دەبێ کۆتایی بەم مەسەلەیە بێت وقبووڵی ناکەم بگوترێت تەنها گرفتی هەرێمی کوردستانە و دەبێ چارەسەربکرێ بەبڕیاری هەر سێ سەرۆکایەتی. من نە بەرگری لە هاشمی دەکەم ونە تاوانباری دەکەم بەڵام گرفتەکەی بەهەموو ئێراقەوە پەیوەستە و هەردەبێ چارەسەربکرێت، بەڵام بەبۆچوونی من پرسەکە لایەنێکی سیاسیی هەیە وبێگومان هەموو لێدوانەکانی میدیا ڕاست نییە و شتی دیکەی تەمومژاوی هەن.

### پەیوەندییەکانمان پتەون

لەبەرایی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا سەرۆکی کوردستان وێڕای بەخێرهاتن و سوپاسگوزاریی بۆ سەید عەممار حەکیم دووپاتیکردەوە پەیوەندییەکی پتەو کورد و شیعە کۆدەکاتەوە و ئەو پەیوەندییەش بۆ سەردەمی ئیمام موحسین ئەلحەکیم دەگەڕێتەوە کاتێک بەڕێزیان قسەو گوشارەکانی شۆڤێنییانی بە دەرکردنی فەتوا بۆ کوشتنی کورد ڕەتکردەوە، سەرۆک بارزانی گوتی:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

خۆشحاڵ و سەرفرازم بە ئامادەبوونی برای بەڕێز سەید عەممار حەکیم و بەخێرهاتنی دەکەم کە نەوەکو میوان بەڵکو وەکو برایەکی بەڕێز ئەمڕۆ لەگەڵ ئێمەدایە، برایەک کە خۆشماندەوێت وڕێزی لێدەگرین، بەڕێزیان میراتگری خانەوادەی بەڕێزی حەکیمە کە چەندین قوربانیی بۆ ئەم وڵاتە داوە.

سەردانی برای بەڕێزمان سەید عەممار هەڵوێستە بەرزە مرۆییەکانی باپیری بەڕێزیان ئیمام موحسین حەکیممان دێنێتەوە یاد کاتێک لەساڵی 1963شەڕی لەدژی کوردی حەرام کرد ئەوکاتەی گەلی کوردستان تووشی گەورەترین هێرش بوو لەلایەن شۆڤێنیان کە ئەوکاتە حوکمڕانی بەغدا بوون و ئەو فەتوایەش کاریگەریی زۆری هەبوو هەروەها بەشانازییەوە دەمەوێ تیشک بخەمە سەر پەیوەندیی نێوان هەردوو خوالێخۆشبوو ئیمام حەکیم و مەلا مستەفا بارزانی.

سەردانی برامان سەید عەممار بۆ کوردستان بۆبەشداریکردن لەساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە و هاوبەشیکردنی خەمی ئەو گەلە نوێکردنەوەی ئەو هەڵوێستە مرۆییانەیە، بەناوی خۆم وبەناوی گەلی کوردستانەوە بەخێرهاتنی برای ئازیز سەید عەممار دەکەم بەخێربێن بەسەرچاو.

### دەرفەتێکی گرانبەها

پاشان سەید عەممار حەکیم سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی ئێراق دەرفەتی دیداری لەگەڵ سەرۆکی کوردستان بە دەرفەتێکی دڵخۆشکەر وەسفکرد ودووپاتیکردەوە گەلی کوردستان هەمیشە جێگەی ڕێزە و مێژووی هاوبەش شایەدیی پتەویی پەیوەندیی نێوان کورد و شیعە دەدەن و گوتی:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

دیداری ئەمڕۆمان لەگەڵ جەنابی سەرۆک بە دەرفەتێکی دڵخۆشکەر وگرانبەها دەزانن ئێمە شانازیی پێوە دەکەین، ئەمڕۆ جارێکی دیکە دیدارمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان وگەلی کوردستانی ئازیز نوێ دەکەینەوە، ئێمە مێژوویەکی درێژی خەباتی هاوبەشمان بڕی کە تیایدا خوێنی هەموومان تێکەڵی یەکتر بوو و لەو مێژووە دوور و درێژەدا خەباتمان لەپێناوی ڕووبەڕووبوونەوەی دیکتاتۆرییەت وستەمکاری کرد لەئێراق بۆ هێنانەدیی سیستەمی دیموکراتیی فیدراڵی کە هەموو ئێراقییان تیایدا بەیەکەوە بژین و بەباشترین شێوە کۆمەڵگای خۆیان بونیاد بنێنەوە، ئێمە ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو ساڵانەی خەبات وقوربانیی هاوبەش بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ڕاست ئەو نیشتیمانە بونیاد بنێینەوە ئەو بنەمایانەی لەدەستووری ئێراقیدا دامانناا هەروەها ئەو تەوافوقە سەرەکییانەی لەگەڵ دەستووردا دەگونجێن، ئێمە ئەمڕۆ سروشتی مەینەتیی ئێراقییان دێنینەوە یادی خۆمان وبەرپرسیارێتیی نیشتیمانیی خۆمان دەخەینەڕوو بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەینەتییانە ئەمە جگە لەیەکخستنی دیدی نیشتیمانیی ئێراقی لەبارەی واقیعی ئەمڕۆی ئێراقیدا، واقیعی خۆمان لەسەر ئاستی ناوخۆ یەکبخەینەوە و دیدی هەمووڵامان بەرامبەر بەو دۆسییە گرنگانە یەکبخەینەوە بەتایبەتی دۆسیی هەرێمی، دیداری ئێمە دیدارێکی دۆستانەی قووڵ بوو تیایدا پەیوەندیی دووقۆڵیمان خستەڕوو، ئەمە جگە لەگرنگیی بەردەوامبوون لەنێوان هەموو ئێراقییان کە دەربڕی بەرژەوەندییەکی نیشتیمانی بێت عەرەب و کورد وتورکمان، باشوور وباکوور کۆبکاتەوە،ئەم پەیوەندییەش سوود و بەرژەوەندیی بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەلی ئێراق هەبوو لەهەموو پێگەکاندا، بۆیە لەو دەرفەتەدا هاوبەشیی ڕاستەقینە و خۆشەویستیی نیشتیمانیی نێوان ئێراقییان نوێ دەکەینەوە و بە جیددی کار بۆ پتەوکردنی دیموکراسییەت و فرەیی و بەرژەوەندیی گشتیی گەلەکەمان دەکەین، دیداری ئەمڕۆمان دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ باسکردنی پرسی نێوخۆیی و دۆسییە پەیوەستەکان لەوانەش کۆنگرەی سەرانی عەرەب و ئامادەکارییە پێویستییەکان بۆی بۆ ئەوەی گرنگییەکی گەورەی سیاسی بداتە واقیعی ئێراقی ودەرفەت بەئێراق بدات بۆ هەبوونی ڕۆڵێکی گەورە لە کاری هاوبەشی عەرەبیدا. سوپاس بۆ بەڕێزتان جەنابی سەرۆک و هیوادارین هەمیشە بەردەوام بین بۆ خزمەتی ئێراق وئێراقییان.

## من نە بەرگری لە هاشمی دەکەم و نە تاوانباری دەکەم بەڵام گرفتەکەی بەهەموو ئێراقەوە پەیوەستە و هەردەبێ چارەسەر بکرێت

### ڕاپۆرتی لیژنەی چاکسازی

**سەرۆکی کوردستان گوتی:** لیژنەی چاکسازی لەکاری خۆی بەردەوام دەبێت تاوەکو هەرسێ دەزگای سەرەکیی نەزاهە و چاودێریی دارایی و داواکاری گشتی دابمەزرێن یان کارابکرێن ، لەوانەیە هەندێکیان دامەزرابن یان بناغەیان هەبێت بەڵام کارانین ودەبێ کارابکرێن ئەوکات هیچ پێویستییەک نامێنێت بۆ بەردەوامبوونی ئەم لیژنەیە. ئەو ڕاپۆرتە بۆ ئەوە نییە خەڵکێک بێدەنگ بکەین ئێمە جیددین لەو مەسەلەیە و باوەڕمان پێیەتی وئەوانەی تاوانبارن داواکاری گشتی بەرپرسە لەوەی بیانداتە دادگا و داگا چارەنووسیان بەتاوانباربوون یان بێتاوانی دەدات بەڵام هیچ کەسێک نییە لەسەرووی یاسا بێت وهەرکەسێک دەستی لەگەندەڵی هەبێت دەدرێتە دادگا.

### پرسی نەوت وغاز

سەرۆکی کوردستان تیشکی خستە سەر مافی هەرێمی کوردستان لەپرسی نەوت و غاز ونیشانیدا دەستوور دەڵێ ئەو سامانە و داهاتەکەشی موڵکی هەموو ئێراقە و ئەمە هیچ گرفتێکی نییە و هیچ گومانێکی تیادا نییە و گوتی: دەستوور دەڵێ: کێڵگە تازەکان هەرێم بەهاوکاریی حکوومەتی ئێراق ئیدارەی دەکات وئەمەش هیچ گرفتێکی نییە، لەشوباتی 2007پرۆژە یاسایەکی نەوت وغاز ئامادەکرا بچێتە پەرلەمان ، لەو پرۆژەیە پاشکۆیەک هەبوو دەڵێ :ئەگەر ئەم پرۆژە یاسایە تا مانگی 5لەپەرلەمان دەرباز نەبوو هەردوولا بۆیان هەیە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت ئیمزا بکەن واتە ئێمە هیچ شتێکی دوور لەدەستوورمان نەکردووە ، ئێستاش ئێمە داوا دەکەین ئەو یاسایە بەو شێوەیەی کەلەسەریدا ڕێککەوتووین بچێتە پەرلەمان بەبێ دەستکاری بەڵام دووبارەی دەکەمەوە مەسەلەکە دەستووری بوون ونەبوونی ئەو گرێبەستانە نییە بەڵکو کەسانێکن ئەمڕۆ لەبەغدا پەیدابوون پێیان وایە خۆیان حاکمی ئێراقن وخەڵکی دیکە هیچ نین وخۆیان بڕیاردەرن ونایانەوێ کوردستان پێشبکەوێ ئەمەش لای من شتێکی زۆر ترسناکە.

### کۆنگرەی نیشتیمانی، هەنگاوی یەکەم

عەممار حەکیم کۆنگرەی نیشتیمانیی ئێراقیی بەهەنگاوی یەکەمی چارەسەریی گرفتەکانی ئەمڕۆ ئێراق دانا و دووپاتیکردەوە ئامادەکردن بۆ ئەو کۆنگرەیە بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ پێشخستنی واقیعی سیاسی زەروورەتی سەرەکییە کە پێویستە بەگرنگ بزانرێت وگوتی: لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نیشتیمانی چەندین کۆبوونەوەی گرێداوە و لەوانەشە سبەی دوایین کۆبوونەوەی ببەستێ هیوادارین بگاتە ئەنجامێکی باش بۆ دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ ئەو دیدارە نیشتیمانییە و هیوادارین ئەم کۆبوونەوەیە ئەنجامێکی باش بپێکێت و پرۆسەی سیاسی بەرەو پێشبخرێت وگرفتەکان چارەسەربکرێن.

### شەفافییەت لە گرێبەستەکانی نەوت

سەرۆکی کوردستان گوتی: من لەگەڵ ئەوەدام هەموو گرێبەستەکانی نەوت شەفاف بن وبێگومان ئۆپۆزیسیۆن لەپەرلەمان دەتوانن هەرچی بیانەوێ داوا بکەن ،دەتوانن بانگهێشتی وەزیری سامانە سروشتییەکان بکەن و گلەییەکانیانی پێ بڵێن نەوەکو شتی شاراوە لەمیللەت هەبێت وهیچ کەس ڕێگەی لەکەس نەگرتووە.